www.kurdistannet.org
15-4-2003 22:43

# نامەیەكی كراوە لە هەندەرانەوە بۆ بەڕێزان:

## كاك مەسعود بارزانی/ سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان

## مام جەلال تاڵەبانی / سكرتێری گشتی یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستان

هێژایان،

بە بۆنەی سەركەوتنەكانی ئەم دواییەی هێزی پێشمەرگەی و هاوپەیمانان بەسەر تۆڕی تیرۆریستی ً انصار الاسلام ً لە هەورامان و، لە سەرتاسەری هێڵەكانی تەماسدا، لە (فایدە) وە هەتا ناوچەی (خانەقین) پیرۆزبایی گەرمتان لێدەكەین. هەروەك بە بۆنەی شەهیدبوونی پۆلێك پێشمەرگەی كوردستان لە هەورامان و، پۆلێكی تر لە كارەساتی دڵتەزێنی ناوچەی دیبەگە كە بە هەڵە، فرۆكەیەكی هاوپەیمانان شەهیدی كردن و ژمارەیەكی زۆریشی لێ بریندار كردن، كە لە ناویاندا بەڕێزان ( وەجیە بارزانی، مەنسور بارزانی و ئەمین نەجار) هەبوون، سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و كەس و كاری شەهیدان دەكەین و هیوای زووتر چاكبوونەوەش بۆ برینداركان دەخوازین. بە داخەوە كە ئەو ڕۆڵە دڵسۆزانەی كورد فریای بینینی كوردستان و عێراقە ئازادەكەی دوای ڕژێمی ستەمكار و دڕندەی سەدام حوسێن نەكەوتن.

بەڕێزان،

یەكێتی و یەكریزی ئێوە و هەردوو حیزبە تێكۆشەرەكەتان و، یەك هەڵوێستیتان لەم قۆناغە زۆر ناسك و چارەنووس سازەدا، دڵ و هرزی هەموو كوردێكی خۆش و گەش كردووە. هیواداریین بە دڵسۆزی و حەكیمی خۆتان ڕێگە لە هەر كردەوە و دیاردەیەكی وا بگرن، كە بۆنی تێكدانی یەكریزی هەردوو لا و نەتەوەكەمانی لێ بێت.

لە دەمەدەمی ڕزگاركردنی یەكجارەكی عێراق لە پیسی و چەپەڵی ڕژێمی بەعس و تیرۆریستان، پێشمەرگە و ناوی پێشمەرگە بۆتەوە بە ڕەمزی كوردایەتی و، بونیان لە هەر جێگە و شار و قوژبنێكی وڵاتدا، نیشانەی بونی ڕۆحی كوردایەتی و دەسەڵاتی كوردە لەو شوێنانەی ئازاد دەكرێن. لە بەر ئەوە پڕبە دڵ ئاواتەخوازین و لێتان ڕادەبینین كە، بە حیكمەتی خۆتان ڕێگە لە هەندێك دیاردەی وا بگرن كە ترس و دڵەڕاوكێی ڕۆژە ڕەشەكانمان بیر دەخەنەوە، لە بابەتی هەڵواسینی پەڕۆ و ئاڵا و وێنەی وا كەئاماژە بن بۆ لایەك لە لایەنەكان. . . .

نەتەوەكەمان چاوەڕێی یەكریزیتانە و هەبوونی پێشمەرگەش بە هێمای هەبوونی ڕۆحی كوردایەتی و ئازادی دەزانێت.

سەرەخۆشی و پیرۆزبایی دووبارەمان قبوڵ بفەرموون. :

ناوەكان:

١. سندوقی منداڵانی شەهیدانی كوردستانی باشوور
٢. یانەی كوردی لە دێلفت ًمیدیا ً
٣. كۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەكانی كوردستان لە هۆڵەندا
٤. مەڵبەندی كلتوری كورد لە دێنهاخ
٥. كۆمەڵەی كورد لە دۆرترێخت
٦. ڕێكخراوی زۆتەرمیر–كوردستان
٧. ناوەندی ناسنامەی كەركوك
٨. ڕێكخراوی فریسلاند–كوردستان
٩. مەحمود ڕەزا – نوسەر
١٠. عومەر فارس/ بەڕێوەبەری ماڵپەری كوردستان نێت
١١. دانا هەڵەبجەیی – ڕۆژنامەنووس
١٢. ماڵپەری هەڵەبجە
١٣. پرۆفیسۆر ڕزگار قادر مەجید
١٤. دكتۆر ئاراس مستەفا ئەحمەد
١٥. دكتۆر فەهمی ئەحمەد
١٦. مامۆستا عەلی ڕەشان
١٧. فەرەیدون جەلال ڕەشید
١٨. ڤینۆس فایەق_نوسەر

١٩. ئەندامانی ژووری ئینتەرنێتی (ئێرە دەنگی کوردستانە)

٢٠. ڕەنجە _ بەرێوبەری ( ئێرە دەنگی کوردستانە)

٢١. چالاك وەسفی_ سوید

٢٢. عومەر تاڵەبانی _ ئوستراليا

٢٣. چالاك محەمەد عەبدولرەحمان

٢٤. ڤانیعە ڕەشید حەسەن

٢٥. ژیر چالاك محەمەد

٢٦. یاسین بانیخێلانی_ نوسەر

٢٧. ڕێبوار خالید

٢٨. سەلاح حسێن حەمە

٢٩. دکتۆر جەمیل شەرەف

٣٠. کۆمەڵەی ماڤ مرۆڤی کوردستان_هۆڵەندا

٣١. کامەران ئەحمەد سلێمان

٣٢. سیروان بابان_ ئەڵمانیا

٣٣. زاهیر عەبدولا ڕەش_ دەرهێنەر

٣٤. قادر نادر قادر_ سوید

٣٥. سەنتەری کولتوری نەورۆز/لایدن_هۆڵەندا

٣٦. یانەی کوردی لە هۆڵەندا_میدیا

٣٧. یانەی کوردی لە ئامستەردام_میدیا

٣٨. یانەی کوردی لە ڕۆتەردام_میدیا

٣٩. یانەی کوردی لە دێنهاخ_میدیا

٤٠. یانەی کوردی لە دێلفت_میدیا

٤١. یانەی کوردی لەخرۆننگین_میدیا

٤٢. یانەی کوردی لە لیواردن_میدیا

٤٣. یانەی کوردی لە ئوترێخت_میدیا

٤٤. یانەی کوردی لە ئێنیسخدەی_میدیا

٤٥. ئەنجومەنی گەنجانی کورد_میدیا

٤٦. ئەنجومەنی ژنانی کورد_میدیا

٤٧. ئەنجومەنی ژنانی کورد لە ئامستردام_میدیا

٤٨. ئەنجومەنی ژنانی کورد لە ڕۆتەردام_میدیا

٤٩. ئەنجومەنی ژنانی کورد لە ئێنیسخدەی_میدیا

٥٠. مەڵبەندی کولتووری کورد لە دێنهاخ

ماڵپەری هەڵەبجە
http://www. halabja. nl
e. mail: info@halabja. nl

کوردستان نێت www.kurdistannet.org